**بێدەنگی نیشانەی هەڵوێستە... فیلمەکەی ئێران و حکومەتی هەرێم**

هەڵۆ بەرزنجەیی ٢٠٢١/١/٢٦

ڕەخنە لە بەیاننامەکەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

بەداخەوە جگە لەوەی هەڵوێستی سەرۆکایەتی هەرێم درەنگ وەرگیرا بەرامبەر بە فیلم و سوکایەتییەکەی ئێران، بە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیەک و شەهیدان و بریندرانی شەڕی پڕ لە قارەمانێتی دژ بە داعش، بەیاننامەکەش زۆر درەنگ بڵاوکرایەوە .

من لە تێڕوابینی خۆمەوە بێدەنگیم لەو بەیاننامە لاوازە کرچوکاڵە ڕووزەردە پێ باشتر بوو. هەر نەبێت بێدەنگییەکە توڕەبوونێکی شاراوەی لە هەناوی خۆیدا حەشار دابوو، دوژمن بە پارێز بوو لێی و سڵی لێ دەکردەوە... بەڵام دوای ئەم بەیاننامە، بۆ هەمووان دەستی ئاشکرا بوو، بە چ کارتێکی سووتاو بێ نرخەوە یاری دەکات .

من بەیاننامەکەم لە ماڵپەڕی ڕووداو خوێندەوە و لێرەدا ئەوەش دەکەمە بنەمای ئەم ڕەخنەیەم لێی...

سەرەتا تەواوی بەیاننامەکە ٤٢ دێڕە ...

دوای سێ دێڕی پێشەکیەکی لاواز ، زۆر بێ لەزەتانە دێتە سەر ستایشی ئێران و ڕۆڵی و قاسم سلێمانی. لەوەش بێ شەرمانەتر ٣ جار قاسم سلێمانی بە شەهید ناو دەبات!... بەڕاستی لە دیدی کوردەوە و لە هەقیقەتیشدا قاسم سلێمانی شەهیدی چییە!... جەبهەی مقاوەمەت، یان تیرۆری نێودەوڵەتی؟؟

ئەو دامەزراوەی سەرۆکایەتی! یان زۆر نەزانە، یاخود لاواز و ترسنۆک، دەنا دەیتوانی و دەیزانی دەیان وشە و گوزارشتی تری بەکار بهێنا و پەردەیەکی تەنکی دیبلۆماسیشی بەسەردا بدایە.. ئاخر لە ساکارترین دەربڕیندا دەکرا بنووسن: خوالێخۆش بوو. کوژراوی دەستی ئەمەریکا، یاخود زاراوەگەلێکی دیکە...

ئیدی بەداخەوە لای ئەوان هێشتا قاسم سلێمانی پاڵەوان و ئەفسانە و شەهیدە... !

هەر بۆیە لەوە بەیاننامەیەدا ٢٠ دێڕی بۆ ستایشی ستەمکار قاسم سلێمانی تەرخان کراوە...

هیچ ئاماژە بە خەبات و تێکۆشانی کورد و قوربانییەکانی نەکراوە !...

تەنها لە شەڕی داعش دا، جگە لە کارەساتی دڵتەزێنی شەنگال، نزیکەی ٥ هەزار شەهید و بریندارمان هەیە، بە درێژایی هەزاران کیلۆمەتر ئێمە شەڕی داعشمان کردووە، ئیدی بۆ بەس لە بەرەی هەولێردا ئێران بەهانامانەوە هات ؟..!

من چ گومانم لەوەدا نییە، خودی ئێران ئەو فەرمانەی پێدابێتن و سیناریۆکەی دارِشتبێت...!

لە دێڕی شەشەم دا دەنووسێ :

هاوکارییەکانی ئێران بۆ هەرێمی کوردستان لە کاتی شەڕی داعشدا پەیوەندییەکانی نێوانمانی بەهێزتر کرد، ئەو ئاژانسە فەرمییە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەو کارەی هەوڵ دەدات زیان بە پەیوەندییەکان و دۆستایەتیی نێوانمان بگەیەنێت. ئەو کارە گیانی ئەو شەهیدانەش ناشاد دەکات کە ئەو ڕۆژانە پێکەوە لە یەك سەنگەردا بەرامبەر داعش شەهید بوون...

ئایا مەبەست لە گیانی ناشادی کامە شەهیدانە؟؟؟، کە ئەورۆژانە پێکەوە شەهیدبوون؟ پێشمەرگە و پاسدار! یان حەشدی شەعبی؟؟؟...

دواجار ئەوەی ئێران کردوویەتی، بڵاوکردنەوەی فیلمەکان ! لە چوارچێوەی سیاسەتی فەرمی دەوڵەتدایە؟ ئەوەی ئەوان هەوڵ نییە ئەوە فاکتە و دژایەتی و دوژمنایەتییەکی ئاشکرا و ڕوونە ، ئێران ڕۆژێک دژی زمانی کوردی و ڕۆژێک دژ بەجلوبەرگی کوردی و هەموو شتێکی کوردی قسە دەکات...

دەمێنێتەوە بڵێین، داواکاری بەیاننامەکەش زۆر شەرمنانە و بێ بەهایە!!!.

بۆیەکە بێدەنگی باشتر بوو، لە نمایشتکردنی پووچ....

ئێوە داوای هەڵوێستی گونجاو دەکەن..! ئەوان بە هەزاران درۆ وەڵامتان دەدەنەوە، ئاخر وەک زانستکارێکی ئەڵمانی دەڵێ: ««ئێرانی هێندە درۆزنن، درۆکردنییان بە پلەی کەماڵ گەیاندووە ....

ئەوان پەیامی خۆیان نارد و فیلمیشیان بڵاوکردەوە.!! تۆش شەرمەزاریت بۆمایەوە....کوردیش هەستی بریندار بوو ...

خۆ باشتان لە بیرە، کە بەر لەماوەیەک ئێران و تورکیا لەسەر بەیتە شیعرێک چییان بە یەکتر کرد...!

دڵنیا بن، شەڕی داگیرکەرانی کوردستان بەو ئەقڵیتە نانەتەوەییە و میتۆدە لاوازە ناکرێت!!




**دەقی راگەیێندراوی سەرۆکی هەرێمی کوردستان:**

لەم ماوەیەدا ئاژانسی هەواڵی فارس لە ئێران، لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی دوو فیلمەوە لەسەر هەولێر و پێشمەرگە و شەڕی داعش، هەوڵی داوە ڕاستییەکان بشێوێنێت و سووکایەتی بە پێشمەرگە و سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان بکات و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان بشارێتەوە.

هاوکارییەکانی ئێران بۆ هەرێمی کوردستان لە کاتی شەڕی داعشدا پەیوەندییەکانی نێوانمانی بەهێزتر کرد، ئەو ئاژانسە فەرمییە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەو کارەی هەوڵ دەدات زیان بە پەیوەندییەکان و دۆستایەتیی نێوانمان بگەیەنێت. ئەو کارە گیانی ئەو شەهیدانەش ناشاد دەکات کە ئەو ڕۆژانە پێکەوە لە یەك سەنگەردا بەرامبەر داعش شەهید بوون. بێگومان کارێکی ئاوای پڕ لە نادروستی و پڕ لە شێواندنی ڕاستی و منەتکردنی بەو شێوەیە، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەو ئەخلاق و هەڵسوکەوتەشدا یەك ناگرێتەوە کە فەرماندەی شەهید قاسم سلێمانی هەیبوو. بۆیە

کاری بەو شێوەیە دڵسۆزی نییە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران و فەرماندەی شەهید، بەڵکو تێکدانی ئەو پەیوەندییە بەهێزەیە کە فەرماندە قاسم سلێمانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان پەرەی پێدابوو.

پشتیوانییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاتە سەختەکاندا بۆ خەڵک و لایەنەکانی هەرێمی کوردستان و لە سەرەتای هێرشی داعشدا بۆ سەر کوردستان کە بە چەك و تەقەمەنی و ژمارەیەك ڕاوێژکار بە فەرماندەیی فەرماندە قاسم سلێمانی، هاوکاریی پێشمەرگەیان کرد، هەمیشە جێگەی سوپاس و ڕێزە و لەکاتی خۆیدا هەرێمی کوردستان بە ڕوونی ئەوەی ڕاگەیاندووە. هەروەك چۆن هاوکاریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش، بەتایبەتی هاوکاریی کاریگەر و ماوەدرێژی ئەمەریکا، هەروەها هاوکاریی وڵاتانی ئەورووپا و ناوچەکە، بە هەمان شێوە هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکانیش لە ڕۆژانی سەرەتای هێرشی داعشدا بۆ سەر کوردستان لەبیر ناکرێن. هاوکاریکردنی پێشمەرگە بە چەك و تەقەمەنی لەلایەن ئێران و دواتریش هاوکاریی بەرفراوانی هاوپەیمانان زۆر گرنگ بوو، چونکە بەهۆی ئەوەی ڕێگە نەدەدرا حکوومەتی هەرێمی کوردستان چەك لە دەرەوە بکڕێت و حکوومەتی عێراقیش چەك و تەقەمەنی نەدەدایە پێشمەرگە، هێزی پێشمەرگە بە چەکی زۆر سادە، بەرامبەر دڕندەیی داعش و چەکە پێشکەوتووەکانی وەستابووەوە.

لە کاتی هێرش و شەڕی داعشدا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە فەرماندەیی و ئەزموونی چەندین ساڵ خەباتی پێشمەرگایەتیی سەرۆك مەسعوود بارزانی، وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لەسەر زەوی هێرشی داعشی ڕاگرت و هێزی داعشی لە ناوچەکەدا تێکشکاند، ئەوەش تێکشکاندنی هێزێکی تاریکپەرستی ئەوتۆ بوو کە هەڕەشە بوو لەسەر هەموو وڵاتانی ناوچەکە و ئازادی و ئاسایشی هەموو جیهان. هەرێمی کوردستان کە وەك هەمیشە شوێنی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بووە، جارێکی دیکە بووەوە بە پەناگەی پاراستنی ئاوارە و پەنابەران لە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان، ئەوەش بە هاوکاریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان و ڕێکخراوە ناوخۆیی و جیهانییەکان، لەپێش هەمووشیانەوە لە سایەی بەرگریی بەهێزی پێشمەرگە بوو.

ئێمە ئەو دوو فیلمە بە سووکایەتیکردن بە خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان و سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان دادەنێین، هەروەها بە سووکایەتیکردن بە قارەمانییەتیی پێشمەرگە و خوێنی شەهیدانی کوردستان و لە هەمان کاتدا بە

سووكایەتیكردن بە بنەما و باوەڕەكانی فەرماندەی شەهید قاسم سلێمانی دادەنێین. لە ڕاستیدا ئێمە هیچ سوودێك لە بەرهەمهێنانی فیلمی ئاستنزم و دوور لە ڕاستیی بەو شێوەیەدا نابینین، جگە لە هەوڵێك بۆ تێكدانی هاریكاریی ناوچەیی و دروستكردنی ناكۆكی لەنێوان گەلانی دۆست لە ناوچەكەدا. بۆیە لە ڕوانگەی هەبوونی پەیوەندیی دۆستانە و هاوكاریی لەمێژینە لەگەڵ كۆماری ئیسلامیی ئێراندا، داوای هەڵوێستێكی گونجاو لە كۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر ئەو دوو فیلمە دەكەین كە بووەتە هۆی بریندارکردنی هەستی گەلی كوردستان.